## باڵیۆز مایكل نۆڤاك بۆ گوڵان:

# حیكمەتی سیاسەتی ئەمەریكا لەوەدا دەبێت لە كوردستانێكی سەربەخۆ دابمێنێتەوە و پارێزگاری بكات



**باڵیـوز مـایكل نۆڤـاك كە ئێـستـا بەرێوەبەری ئامـۆژگـای ئەمـەریكان ئەنتـەر پرایسـە بۆ توێژینەوەی سیاسی، سێ جار پۆستی باڵیـوزی ئەمـەریكای پێ پسـێردراوە، دووجـار باڵیـوزی ئەمـەریكا بووە لە لیژنەی مافـەكانی مرۆڤ لە نەتەوە یەكگرتووەكـان و جـارێكیش باڵیـوزی ئەمــەریكابووە بۆ كــۆنفـرانسی ئاســایش و هاریكاری ئەوروپا، خاوەنی «٢٥» كتێبە كە بۆ زۆربەی زمانەكانی جیهان وەرگێراون لەوانە:**

Hangr for liberty » «Washingtons God »

«The open chrch»«The univesar

**باڵیـوز نۆڤـاك كە لە بۆچوونەكـانیـدا پێش هەر شتێك پشت بە ئازادی دەبەستێت و پێی وایە ئازادی بنەمـای هەمـوو ریفـۆرمە جیـهـانی و كۆمەڵایەتییەكانە لەم بوارەشدا بەكردەیی كاری كـردووە و لەسـەر ئاسـتی مـیـدكاریش ڕۆڵێكی كـاریگەری هەبووە و ئەندامی بۆردی پەخـشی نێـودەوڵەتی بووە بەتایبـەتی لە هەردوو ڕادیۆی ئازاد و ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد«Radio FreeEu- rope- Radio cibrety» بۆ هەڵسـەنگاندن و تاوتوێكردنی بارودۆخی ئەمڕۆی عـێراق گـوڵان ئەم هەڤـپەیڤینەی لەگەڵ سازكـردوو بەمجۆرە باڵیـۆز مـایكل نۆڤـاك وەڵامی پرسـیـارەكـانی داینەوە:**

### ئەمەریكا جەنگی دەرەوەو شەڕی دۆڕاندن

هەر لە دەستـپـێكی خـولی یەكـەمی ئیـدارەی بوشـەوە، مـەزندەی ئەوە دەكرا سیاسەتی ئەمەریكا پرانسیپی خۆی لەسەر پشت بەستن بەهێزی سـەربازی دارشـتـووە، بەتایبـەتی كـە ژەنەڕاڵ كـۆڵن پاول پۆسـتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكای پێ سپێدرا.

بوونی ژەنراڵێكی سەربازی بە سەرۆكی دبلۆماسییەتی وڵاتێكی وەك ئەمـەریكا خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ پێشـخستنی هێـزی سـەربازی بەسـەر هێـزی دبلۆمـاسـیـەتدا، لە كـاتێكدا بەپێی ئەو عـورفـەی لە سیـسـتـەمی هەیكەلی حكومـەتدا لەسـەر ئاسـتی جیـهـان باوە، **لە** هەندێك وڵات پۆسـتی وەزارەتی بەرگـریش نادەن بە كـەسـایەتیـە سـەربازییـەكـان ئەمـەش لەبەر ئەوەی بڕیاری شـەڕوئاشـتی بڕیارێكی سـیـاسـیـەو دەبێ سـیـاسـەتمەداران لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییـە دوورمەوداكاندا ئەو بڕیارە بدەن.

لەوانەیە ئیـدارەی سەرۆك بوش لەو ڕوانگەیەوە سەیری مەسەلەكانی كردبێت كە سەركردایەتیكردنی جیـهـان پێویستی بەهێزێكی گەورەی سـەربازی و بڕیاری سـەربازی هەیە، بەڵام ئاكـامی ئەم سـیـاسـەتە دەریخست كە زەمەنی پشت بەستن بەهێزی سەربازی و باڵاكردن بەسەر هێزی دبلۆماسییەتدا سەركەوتوونابێت هەربۆیەش، ئەمەریكا توانی لە هەردوو شەڕی ئەفغانستان و عـێراقدا بە ئاسانی لەبەرەكانی جەنگ سەركەوتووبێت، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئاكامی ڕاستەقینەی هەردوو شەڕەكە بە مەفهومی سەركەوتن بۆ ئەمەریكا دیار نییە، دەربارەی ئەم مـەسـەلەیە باڵیـوز ناڤـاك بەمـجـۆرە بۆ گـوڵان هاتە ئاخاوتن:

« پێش ئەوەی وەڵامی پرسیـارەكـەتان بدەمەوە، دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم من ئێستا لەحكومەتی ئەمەریكادا كارناكەم و كاریگەریشم بەسەر سیاسەتی ئەمەریكاوە نییە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەمەریكا لە شەڕی عـێراقدا بە هەڵەدا چوو، ئەوەی لە دەسپێكی ئەم شەڕە ئەمەریكا داوای دەكرد ئەوەبوو كە دەیگوت!« هەموو ئەوەی پێویستمە تەنیـا گـۆڕینی ڕژێمی سـەدام حـوسێنە، بەڵێ ئەمـەریكا توانی بە

ماوەیەکی زۆرکەم رژێمی سەدام حوسێن بگۆڕێت، بەڵام مەزندەکانی هەڵەبوون بۆ عێراقی دوای گۆڕینی رژێمی سەدام حوسێن، نەیدەزانی کە ڕێکخراوەکانی ئەلقاعیدە و جیهادیەکان کە لە عێراقدا بوونیان هەیە دەخوازن دەوڵەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران یان، دەوڵەتێکی وەک ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان دابمەزرێنن.

هەروەها لەسەرەتادا لەو بڕوایەدانەبوو، ئەم ڕێکخراوە ئیسلامیانەی وەک قاعیدە و جیهادیەکان دەبنە پیاو کوژ وخۆکوژ بۆ ترساندنی ئەوانەی کە پشتگیری ئەم عێراقە دەکەن، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکە، من لەگەڵ ئەوەم ئەم ستراتیژە بەرهەمی هەڵەکانی ئەمەریکایە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم ستراتیژە لە دوو ساڵی یەکەمدا ئەم ئاکامانەی هەبووە:

١- گۆڕینی رژێمی سەدام حوسێن

٢- گرێدانی چەندین هەڵبژاردن

٣- مەشقکردن بە سوپا و پۆلیسی عێراق

ئەم ستراتیژە لەگەڵ ئەوەی نەیتوانی سەقامگیری پێویست بۆ هاووڵاتیانی عێراق دابین بکات بەڵام لە ساڵی«٢٠٠٥» دەسکەوتی گەورەی بەدەستهێنا لەوانە :

«ا» هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکومەت «ب» ریفراندۆم بۆ پەسەندکردنی دەستووری نوێی عێراق

«ج»مەشقی هێزەکانی عێراق زۆرباش بوو، بەڵام ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و یاخیبووان و میلیشیاکان کەشوهەوایەکی ناسەقامگیری ئەوتۆیان خوڵقاندن کە سەرکردە سەربازییەکان دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن و هەوڵبدەن بیر لە ستراتیژیەکی دیکە بکەنەوە بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری پێ دابینبکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی لەم کەشو هەوا ئارام و سەقامگیرەدا عێراقیەکان ئامادەبکرێت، بۆ ئەوەی دژی تیرۆریستانی بیانی و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بجەنگێن و لە وڵاتەکە بیانکەنە دەرەوە، ئەمەش ئەو ستراتیژەیە کە دەستپێکی ساڵی«٢٠٠٧» ەوە پیادە دەکرێت، تا ئێستاش دەبینن ئاکامی باشی هەبووە، هەربۆ نموونە هۆز و عەشائیری پارێزگای ئەنبار داوا دەکەن هاریکاری هێزەکانی ئەمەریکا و هێزەکانی عێراق بکەن دژی تیرۆریستانی قاعیدە و بیانییەکان و هەروەها داوا دەکەن پەیوەندی نێوان شیعە و سوونە ئاسایی بێتەوە.

هەربۆیە ئەگەر ئەم ستراتیژە تاکۆتایی ساڵی«٢٠٠٧» بتوانێت سەرکەوتووبێت ئەوا وێنەیەکی باشتری عێراق دەبێت، ئەگەر سەرکەوتووش نەبێ ئەوا ئەمەریکا لە یارییەکە دەچێتە دەرەوە و دەبێ دان بە شکستی خۆیدا بنێت.

## ئەمەریکا دەبێ پشتگیری کوردستان بکات

گرەوی ئەمەریکا بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا وەک باڵیوز نۆڤاک ئاماژەی پێدەکات هەتا کۆتایی ساڵی«٢٠٠٧» ، ئەم ماوەیەش تەنیا «٨» مانگ کەمتری ماوە، هەربۆیە لەم ماوە کورتەدا پێویستە ئەمەریکا زۆر بەخێرایی هەنگاو بۆ سەرکەوتن هەڵبگرێت نەک چاوەڕێی کۆتایی«٢٠٠٧»بکات عێراقێکی وێران و پڕ ئاژاوە بەجێ بهێڵێت، هەربۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمەریکا لەسەر ئەم سیاسەتەی بەردەوام دەبێت یان هەنگاو بۆ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە هەڵدەگرێت، دەربارەی ئەم دووریانەی سیاسەتی ئەمەریکای تێدایە باڵیوز نۆڤاک گوتی:

«من پێموایە پێویستە پرسیارەکەمان بەو شێوەیەبێت، دەبێ ئەمەریکا داوای چی لە عێراقیەکان بکات؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم، پێویستە ئەمەریکا یارمەتی عێراقیەکان بدات بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی لە عێراقدا دابمەزرێنێت، ئەم دەوڵەتە توانای ئەوەی هەبێت بەرگری لە ئازادی گەلانی عێراق و بەرگری لەسەربەخۆیی عێراق بکات دژی دەستێوەردانی تیرۆریستانی نێودەوڵەتی، بەڵام پێموایە ئەم دوو خواستە زۆر هێواش هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت، لەبەر ئەوەی چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی و بڵاوکردنەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی ئاسان نییە، ئێمە لە چەندین وتار و دیمانەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا رۆژانە گوێبیستی ئەوەدەبین و دەبینین کە ئازادی و دیموکراسی و بەرپرسیاریەتی و فیدراڵی باسی لێوەدەکرێت، بەڵام ئاستی جێبەجێکردنی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچوونی ئافرەت و پیاو بەرامبەر بەم چەمکانە جیاوازە هەربۆیە گەیشتن بەم خەونەش کە خەونی ئازادییە رێگەیەکی دوورە.

بەڵام سەبارەت بە گەلی کورد و هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، من ئەوەی لە نێو گەلی کورددا دەبینم بەباشترین نموونەی دەزانم بۆ ئەو هەنگاوانەی سەبارەت بە دیموکراسی و ئازادی ئاماژەم پێکردن، گەلی کورد ئامادەباشە بۆ ئەوەی لە چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی تێبگات هەربۆیە دژی دیاردەکانی دیکە دەجەنگێت، ئەو ئاسایش وسەقامگیرەش کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە هێندەی سوودی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە هێندەش بۆ هەموو عێراق سوودی هەیە.

ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەبینین، ئەو گەل ونەتەوانەی دیکەمان بیر دێتەوە کەئامادەن لە چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی تێبگەن و دەیانەوێت وڵاتەکەیان گەشە بکات و رێز لە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ دەگرن، هەر ئەمەش وایکردووە کە پەیوەندی نێوان کورد و ئەمەریکا لە ئاستێکی باشدابێت.

## مانەوە لە کوردستانێکی سەربەخۆ لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە

ئەم کەشوهەوا سەقامگیرەی کوردستان کە بەرهەمی ماندوبوون و لە خۆبردوویی هێزی پێشمەرگە وهێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و خەڵکی کوردستانە، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆتە بەرژەوەندییەکی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکاش، مانەوە وپاراستنی ئەم سەقامگیری وئارامیە و گەرەنتی بەردەوامبوونی پێویستی بە پشتگیری وهاریکاری ئەمەریکا هەیە، بەڵام هەنگاوی پراکتیکی بەم ئاراستەیە لەلایەن ئەمەریکا هەستی پێ ناکات، دەربارەی ئەم واقیعە باڵیۆز نۆڤاک گوتی:

(لەگەڵ ئەوەی من نازانم بەرپرسانی فەرمی ئیدارەی

**هەندێک وڵات پۆستی وەزارەتی بەرگریش نادەن بە کەسایەتیە سەربازییەکان ئەمەش لەبەر ئەوەی بڕیاری شەڕوئاشتی بڕیارێکی سیاسیەو دەبێ سیاسەتمەداران لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییە دوورمەوداکاندا ئەو بڕیارە بدەن**

**چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی و بڵاوکردنەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی ئاسان نییە**

ئەمەریکا بەنیازن چ بڕیارێک سەبارەت بە هەرێمی کورستان بدەن، بەڵام ئەگەر لەمن بپرسن پێویستە ئەمەریکا چۆن ڕەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات؟ ئەوا دەڵێم: (پێویستە ئەمەریکا پشتگیری هەموو ئەو خەڵکانە بکات کە خوازیاری سەربەخۆین وڕێز لە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ دەگرن و ڕێز لە بنەماکانی ئازادی دەگرن و هەوڵ دەدەن وڵاتەکەیان گەشەسەندوبێت بەرەوپێشەوە بچێت.

لەم چوارچێوەیەدا من ئومێد دەخوازم ئەمەریکا بتوانێت بنکەیەکی سەربازی لەکوردستان دابمەزرێنێت، هەروەها ئومێد دەخوازم کوردیش هەوڵبدات بانگێشتی ئەمەریکیەکان بکات بۆ ئەوەی لەم کارە هاریکاریان بکات و بۆ ئەوەی ئەزموونی دیموکراسی ئێستای کوردستان بەهێزتر بکرێت و ڕێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بگرێت و ئەو گەشەسەندنەی کە هەیە بۆ هەموو کوردستان بێت، لەم حاڵەتەدا پێویستە کورد خوازیاری وئامادەباشی خۆی بۆ ئەم کارە پیشان بدات، لەبەر ئەوەی ئەگەر کورد خۆی داوای نەکات ئەوە نابێت.

هەر بۆیە حیکمەتی سیاسەتی ئەمەریکاش لەم حاڵەتەدا لەوەدا دەردەکەوێت ئەگەر گەلی کورد داوای سەربەخۆیی بکات، ئەمەریکا لە کوردستانێکی سەربەخۆ ودیموکراسیدا بمێنێتەوە.

## دیکتاتۆرەکان لە ئازادی ودیموکراسی کوردستان دەترسن

دەوڵەتانی هاوسێی کوردستان ئێران، سوریا، تورکیا، لەگەڵ ئەوەی هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوەی دیکە کۆمەڵێک گرفت وکێشەی هەڵواسراویان لەگەڵ یەکتری هەیە، بەڵام کە باس هاتەسەر مەسەلەی کوردستان و سەربەخۆییەکەی ئەوا هەموو کێشەکانی خۆیان وەلا دەنێن و دژی کوردستان یەکدەگرن، ئەمە لەکاتێکدا سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسیە کە لەسەر بنەمای ڕێز وبەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانی دەکات و، واقیعش سەلماندوویەتی کە بوونی ئەزموونی دیموکراسی هەرێمی کوردستان سوودێکی ئابووری وسیاسی بۆ ئەو دەوڵەتانە هەیە و تا ئێستاش هیچ کاتێک نەبۆتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ هیچ لایەکیان.

دەربارەی ترسی ئەو وڵاتانە لە بارودۆخی کوردستان باڵیۆز مایکل ناڤاک بەمجۆرە ڕای خۆی خستە ڕوو:

(منیش دەپرسم ئەرێ بۆ بەردەوام سوریا وئێران و تورکیا لە سەربەخۆیی کوردستان دەترسن؟ بێگومان لەبەر ئەوەیە چاویان بە ئازادی و دیموکراسییەتی هەڵنایەت، هەروەها حەز ناکەن ئەوگەشەسەندن وڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ ببینن، بێگومان لە هەر شوێنێک ئەم حاڵەتانە هەبێت دیکتاتۆرەکان لێی دەترسن، هەر ئەمەشە حکومەتەکانی سوریا وئێران وتورکیا دژی



سەربەخۆی کوردستان ڕادەوەستن و دژی ئەوسەرکەوتنانەش ڕادەوستن کە ئێستا لە کورستاندا بەدەست هاتوون)

## کورد و ئایندەی عێراق

ئەگەر عێراق، ئەو عێراقە فیدراڵی ودیموکراسیە بێت کەتیایدا چەمکی ئازادی و سەربەخۆی پارێزراوبێت وڕێز لە بنەماکانی مرۆڤ بگرێت، ئەوا کورد بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەخوازێت هەرێمێکی فیدراڵی بێت لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا، بەڵام ئەگەر هەموو دەزگاکانی بەرووداد اخرابێت، ئەوا ناچارە بڕیاری خۆی بدات، دەربارەی کورد لە ئایندەی عێراقدا باڵیۆز ناڤاک گوتی:

بۆچوونی من سەبارەت بە ئایندەی عێراق بەوجۆرەیە، کە عێراق یەکگرتوو بێت و هەرێمی کوردستانیش بەشێک بێت لە عێراق، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەرێمی کوردستان بەشێک بێت لە عێراق ئەوا ئەم چەند هەرێمە لە دەستدرێژی دەرەوە دوور دەبێت و سەلامەتریش دەبێت.

بەڵام مانەوە لە عێراقیشدا پەیوەست دەبێت بە چەند مەسەلەیەکی دیکە، واتە دەبێ هەر یەک لە هەرێمە فیداڵییەکانی کورد و شیعە و سونە ڕێزی یەکدی بگرن و هاریکاری یەکتری بکەن، لەم حاڵەتەدا هەرسێ لایەن سەلامەتر و بەهێزتر دەبن، وەک ئەوەی سێ دەوڵەتی بچکۆلە بن.

ئەوەی پرانسیپ، سەبارەت بە شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی شیعە وعەرەبی سونەش، ئەوا لە عێراقدازەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ ئەوەی ئەم شەڕە کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها هەردوولا لە ماوەی ٣٠ساڵی ڕابردووی عێراقدا قوربانی دەستی ڕژێمی سەددام حوسێن بوون، بۆیە دەکرێت لەسەر ئەم ڕابردووە هاوبەشە زەمینەیەکی لەبار بێتە ئاراوە وهەردوولا پێکەوە کار بکەن، ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەوەی مەسەلەیەکی ئاسان نییە، بەڵام باشترین ڕێگەیە بۆ ئایندەی عێراق.

**لە دەسپێکی ئەم شەڕە ئەمەریکا داوای دەکرد دەیگوت هەموو ئەوەی پێویستمە تەنیا گۆڕینی ڕژێمی سەدام حوسێنە، ئەمەریکا توانی بە ماوەیەکی زۆرکەم ڕژێمی سەدام حوسێن بگۆڕێت، بەڵام مەزندەکانی هەڵەبوون بۆ عێراقی دوای گۆڕینی ڕژێمی سەدام حوسێن**